## سێیەم: پرسە ئاسایشییەکان

گۆڕانکارییە گەورەکانی سەر ئاسایش بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیارێکی گەورە: کێن پسپۆری ڕاستەقینەی بواری ئاسایش لە جیهانی سیاسەتدا ووە لە کوێ دەستمان دەکەوێت؟ بیریارو شارەزاکانی ئاسایش بۆچوونی جیاوازیان لەسەر بابەت و پرسیارە سەرەکییەکانی ئاسایش هەیە. پاوڵ ویلیامس (٢٠١٣) پێیوایە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش پێویستە وەکوو بوارێکی لێکۆڵینەوە وگەڕان لە دەور و چێوەی چەند پرسیارێکی جەوهەریدا بخوێندرێت؛ ئەو پرسیارانەش بریتیین لە:

- ئاسایش چییە؟
- ئێمە قسە لەسەرئاسایشی کێ دەکەین؟
- چی دەبێتە هۆی ناساندنی پرسێک بە پرسێکی ئاسایش؟
- ئاسایش چۆن دەکرێت بەدەستهێندرێت؟

دەیڤید باڵدوین (١٩٩٧: ١٢-١٧)، پەنجە دەخاتە سەرهەفت پرسیاری بنەڕەتی لە کاتی دەست بردن بۆ پرسەکانی ئاسایش و شیکردنەوەیان، کە دواجار ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دەبێت پێک بهێنن:

- ئاسایش بۆکێ؟
- ئاسایش بۆ چ بەهایەک؟ چەند ئاسایش؟
- لە دەست چ هەڕەشەیەکەوە؟
- بە چ ئامرازێکەوە؟
- بە چ نرخێک؟
- وە لە چ کاتێکی دیاریکراودا؟

بەگوێرەی پاشخان و بەریانی تیۆری هەر یەکێک، ڕەنگە پرسیاری دیکە زیاد بکرێت بۆ نێو ئەو لیستەوە. بۆنموونە بۆزۆرێک لە فیمینیستەکان، پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە: ئافرەتان لە کوێن وئەوان چی دەکەن؟ بۆ تیۆریزانە ڕەخنەگرەکان، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کێ سوودمەند دەبێت لە سیاسەتەکانی ئێستای ئاسایش؟ بەهەمان شێوە بۆ سۆشیۆلۆجیستە سیاسییەکان، بابەتی سەرەکی توێژینەوە دەبێت بریتی بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسیارێک: ئاسایش چ پیادەیەک (practice) لەگەڵ خۆی دەهێنێتە کایەوە؟ (ویلیامس، ٢٠١٣: ٦).

باری بۆزان ولێن هانس (٢٠٠٩: ١٠-١٣) پێیان وایە هەرلە چلەکانی سەدەی رابردووەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا و نائاشکرا گوتوبێژەکانی نێو لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە دەوری چوار پرسیاری سەرەکی کۆبووونەوە. پرسیاری یەکەم، ئاسایشی کێ دەبێت پارێزراو بێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت؟. بۆ ماوەیەکی درێژ لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دەوڵەتی وەکو بابەتی بەرهەڕەشەی سەرەکی ئاسایش ناساندووە. پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت وەکو هۆکارێک بۆ پاراستنی ئاسایشی لایەنە بەرهەڕەشەکانی دیکە سەیرکراوە. هەرلەبەرئەوە زۆرجار 'ئاسایشی نیشتیمانی' وەکو 'ئاسایشی دەوڵەت' وێنا کراوە.

پرسیاری دووەم، ئاخۆ لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دەبێت هەڕەشە ناوەخۆییەکان یا هەڕەشە دەرەکییەکان لە خۆبگرێت؟. لە دوای جەنگی ساردەوە، گوتوبێژی گەورە لە ئارادابوو لەسەر جیاکردنەوەی هەڕەشە ناوەخۆییەکان لە هەڕەشە دەرەکییەکان. لێرەدا لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نێونەتەوەیی زۆرجار لە جێگەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نیشتیمانی دەبیندرا. بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و بە هۆی گۆڕانکارییەکانی بەجیهانیبوون، لە راستیدا چیتر نەدەکرا جیاوازی لە نێوان هەڕەشە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان بکرێت.

پرسیاری سێیەم، ئاخۆ دەبێت لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە سەرووی سێکتەری ئاسایش و بەکارهێنانی هێز بخوێندرێت؟. یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە ماوەی جەنگی سارد بەستنەوەی ئاسایشی نیشتیمانی بوو بە ئاسایشی سەربازییەوە، بەڵام ئەمە بێ رەخنە و گوتوبێژ نەبوو، بە تایبەت رەخنەی توێژەرەکانی بواری ئاشتی (peace researchers) بۆ داواکردنی گرینگی دان بە لەخۆگرتنی ئەوکێشە و هەڕەشانەی پەیوەندییان بە پێداویستییەکانی مرۆڤەوە هەیە، نەوەک تەنها تەرکیزکردنە سەرڕەهەندی سەربازی.

پرسیاری چوارەم، ئاخۆ ئاسایش دەبێت ببەسترێتەوە بە هەڕەشە بزۆزییەکان (dynamic threats)، مەترسی و حاڵەتە لە ناکاوییەکان؟. بەڵام لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو گوتوبێژی گەورە نەوەک تەنها بۆ فراوانکردنی مانا و چوارچێوەی ئاسایش لە ئارادا بوو، بەڵکو بۆ بۆ گرینگیدان بە زیاترلە بابەتی بەرهەڕەشەیەک.

هەوڵدان بە دوای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی کە خودی ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتێک رەنگە ببێتە نائاسایشی وڵاتێکی دیکە، هەڕەشەیەکی دیاریکراو لەسەر نەتەوەیەک رەنگە ببێتە دەرفەتێک بۆ نەتەوەیەکی دیکە. وڵاتەکان بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە و بەردەوام تەنانەت بە هەرنرخێک بێت هەوڵدەدەن ئاسایشیان پارێزراو بێت، چونکە وجود و مانەوەی کیان و دەسەڵاتەکەیان بەستۆتە ئاسایشی دەوڵەت. لە سەر ئاستی نێونەتەوەییدا، وڵاتەکان

رووبەڕووی کێشەی دووسەرەی ئاسایش (security dilemma) دەبنەوە، چۆن ئەوهەموو بەها جیاواز و دژ بە یەکییانە لە نائامادەیی دەسەڵاتێکی باڵا و مەرکەزیدا (central authority) دەتواندرێت بپارێزرێت. لەبەر ئەوە دیاریکردنی گرنگترین و پەیوەستترین پرسیاری ئاسایش دەوەستێتە سەر هەڵ و مەرجێکی دیاریکراوی نەتەوەیەک، دەوەستێتە سەر ئەووەڵامەی یەکێک بە دوای دەگەڕێت.

کاتێک یەکێک بڕیاری ئەوە دەدات مانای ئاسایش چییە و مەبەست لە ئاسایشی کێیە، زۆر گرنگە پرسیاری ئەوە بکرێت چی شتێک دەبێتە هۆی بە هەڕەشە ناساندنی پرسێک لەسەرلایەنێکی دیاریکراو، پرسێکی ئاسایی لە چ ئاستێکدا دەبێتە پرسێکی ئاسایش. ئاسایش بەردەوام پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە یا دەکرێت بگووترێت 'پرسێکی سیاسییە'. ئاسایش نەوەک هەرپیادەیەکی سیاسییە لە دیاریکردنی هەڕەشەکان، بەڵکو لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەشیان. پیادەکانی ئاسایش زۆرجارفۆڕمێکی جیاوازی پیادەی سیاسەت وەردەگرن (هایسمانس، ٢٠١٤). لای جێف هایسمانس، پیادەی ئاسایش کەوتۆتە ژێر کاریگەری پیادەی سیاسەتەوە، بەڵام کاتێک سیاسەت و ئاسایش تێکەڵ بە یەک دەکرێن، خیتابی سیاسی دەبێتە خیتابێکی ئەمنی جیاکەرەوە، ئەو کات تەواوی سیستەمی دیموکراسی لە مەحەکدا دەبێت.

لە ڕاستیدا، تێگەیشتن لە پرسێکی ئاسایش پێویستی بە تێگەیشتن دەبێت لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی کە تیایدا سەرچاوە و هۆکارەکانی هەڕەشەکان و نائاسایشییەکانی (insecurities) بەرجەستە بووە. بە مانایەکی دیکە، کێ بڕیاری ئەوە دەدات کە ئاسایشی چ کەسێک کەوتۆتە ژێرهەڕەشەوە؟ لەلایەن کێ و بۆ کێوە؟ هەرتاکێک لەسەرئەوگۆی زەمینە کۆمەڵێک یەکە ولیستی ئاسایشی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگ، ڕەگەز، ئایین و زمانەوە، تەنانەت پەیوەندی هەیە بەوەی کە لە کوێوەوە هاتووە، بۆکوێ دەڕوا، وە دەیەوێت لە ئایندەدا چی ڕووبدات. زۆرێک لە تاکەکان لە هەڕەشەکاندا هاوبەشن. بۆیە لە یەکەم هەنگاودا زۆر گرینگە بزانین کێ بڕیاری ئەوە دەدات چی شتێک، کەسێک یا گرووپێک وەک هەڕەشە وێناکراوە (وێلیامس، ٢٠١٣: ٨-٩).

یەکێک لە نموونەکانی سیاسەتی دروستکردنی هەڕەشە، پانێڵێکی ئاست بەرزی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو بە ناوی هەڕەشەکان، ڕێگرییەکان، گۆڕان لە ساڵی ٢٠٠٤دا، لە ڕاپۆرتی کۆتایی پانێڵەکەدا بە ناوی جیهانێکی پارێزراو شەش جۆر لە هەڕەشە لەسەرئاسایشی وڵاتەکان ئاماژەی پێکرا: ئەوانیش هەڕەشە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی وەکو هەژاری، نەخۆشییە بڵاوەبوو و گوێزەرەوەکان و پیسبوونی ژینگە، ململانێی ناوەخویی وڵاتان وەکو شەڕی ناوەخۆ و جینۆساید، چەکە کۆکووژ و ناوەکی و ئەتۆمییەکان و

تیرۆریزم (High-Level Panel, ٢٠٠٤:٢)، بەڵام وڵاتەکان بە یەک ئاست سەیری ئەو هەڕەشانە ناکەن، زۆرێک لە وڵاتە رۆژئاواییەکان پێیان وایە هەڕەشەکانی تیرۆر هەڕەشەیەکن دەبێت ئەولەویەت وەربگرێت، بەڵام هەندێك وڵاتی دیکەی 'جیهانی باشوور' پێیانوایە کێشە ئابوورییەکانی وەکو هەژاری هەڕەشەی سەرەکین لەسەرئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکانیان.

کلاسیکبوون و هاوچەرخبوون لە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشدا زیاتر پەیوەندیی بە چۆنیەتی بینینی ئاسایشەوە هەیەو نەوەک هەموو جار بە کات و زەمەنەوە. لەسەردەمی ئێستاشدا، بە تایبەت لەلای نیۆریالیستەکانەوە، زۆرێک ِسکۆلاری ئاسایش هەن تەنها ئەوکاتە پرسێک بە پرسێکی ئاسایش دەزانن، ئەگەر هاتوو پەیوەندیی بە ئاسایشی دەوڵەت و هەڕەشە سەربازییەکانەوە هەبێت. ستیڤان واڵت (١٩٩١:٢١٢-٢١٣) (بەردەوام دژی فراوانکردنی چەمکی ئاسایش دەنووسێت) پێیوایە ئاسایش بریتییە لە دیراسەت کردنی هەڕەشە، کۆنترۆڵ و بەکارهێنانی هێزی سەربازی. لای واڵت نەوەک تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە هەنگاوە نوێیەکانی فراوانکردنی ئاسایش کێشەی هەیە، بەڵکوو لە ڕووی سیاسییەوە ناواقیعییە وگوزارشتە لە بێ بەرپرسیارییەتی. بەهەمان شێوە، جۆن مێرشایمەر(١٩٩٥:٩٢) رەخنە لەو هەوڵانە دەگرێت کە پێیان وایە دەتوانن ببنە ئەلتەرناتیڤێک بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی کلاسیک، پێیوایە نەک هەر نەیانتوانیوە چوارچێوەیەکی رونکردنەوەی سیستەماتیکی و تۆکمە بۆ شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایش تەرخان بکەن، بەڵکوو نەشیانتوانیوە بەهای خۆیان لە توێژینەوەیەکی کردەییدا پێشان بدەن.

ئەگەرئاسایش لادان و نەهێشتنی هەڕەشە بێت لەسەربەها بەنرخەکان و سەرەکییەکانی یەکێک، ئەوا زۆربەی هەڕەشەکانی سەرئاسایش لەسەرتاسەری جیهان هەڕەشەکانی خراپی تەندروستی و خۆراک و پیسبوونی ژینگە و بێکارین، نەوەک هەڕەشە سەربازییەکان. بۆیە فراوانکردنی چوارچێوەی بابەتی ئاسایش کارێکی گرنگ دەبێت. پاشان فراوانکردنی چوارچێوەی بابەتی ئاسایش بە مانای بە ئاسایشیکردنی هەموو پرسێک ناهێت، هەروەک ئۆیل وەیڤەرو هاوڕێکانی لە نێو جەرگەی رەوڕەوەی فراوانکردنی ئاسایشدا، پێشنیازی بە 'نائاسایشکردن' دەکەن، بەڵکو مەبەست لێی دروست کردنی کۆمەڵگایەکی بەهێز و پارێزراوە نە تەنها لە دەست هەڕەشە دەرەکییەکان، بەڵکو لە دەست هەڕەشە ناوەخۆییەکانیش. بێگومان ئەو کارە تەنها لە چوارچێوەیەکی بەرنامەیەکی ئاسایشی هەمەگیر و درێژخایەندا دەتواندرێت ئەنجام بدرێت.

## ئاسایشی کێ ؟ ئاسایش بۆ کێ؟

دوای پرسیاری ئاسایش چییە، گرنگترین پرسیار کە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش هەوڵی وەڵامدانەوەی بۆدەدات بریتییە لە پرسیاری ئەوەی ئاسایشی کێ دەبێت بپارێزرێت؟ بە بێ بابەتی بەرهەڕەشە، ئاسایش بێ مانا دەبێت (بۆزان، ١٩٩١b: ٤٠). بۆ ماوەیەکی زۆر، باوەڕی باو لە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشدا ئەوە بوو کە 'ئاسایشی دەوڵەت' دەبێت تاکە یەکەی شیکردنەوەی ئاسایش بێت. لە دوای جەنگی ساردیش بە تایبەت لای شارەزاکانی زانکۆی ئەبەریستویز وەکو کین بۆتس و بیل ماکسوێنی، گفتوگۆی ئەوە لە ئارادابوو کە بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش دەبێت 'مرۆڤەکان' بن، بە بێ گەڕانەوە بۆ مرۆڤەکان ئاسایش هیچ مانایەکی نابێت. کارەکانی ئەوان بووە هۆی هێنانی چەمکی (ئاسایشی مرۆیی) وەکو بابەتی بەرهەڕەشەیەکی نوێی ئاسایش، بۆ نێو ئەدەبیاتی ئاسایش. لە دوای ئەوانە، کۆمەڵێک لە شارەزاکان پێیان وابوو دەبێت هۆشگیری (focus) ئاسایش نە دەوڵەت نە خەڵک بێتو بەڵکوو دەبێت لەسەر 'کۆمەڵگا' بێت. چونکە بۆ ئەوەی بە تەواوی ببێت بە 'مرۆڤ' دەبێت ببێت بە بەشێک لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.

ڕێبازی چوارم کە ئەویش لە دوای جەنگی ساردەوە سەریهەڵدا (لەوانە کارەکانی باری بۆزان) بۆ کارکردن لەسەر ئاستەکانی شیکردنەوەی ئاسایش. لە لای بۆزان دیاریکردنی دەوڵەت یا تاک وەکو بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکە ناداتەوە، چونکە زیاتر لە دەوڵەتێک و تاکێک بوونیان هەیە، کە ئاسایشیان لەسەریەکدی وەستاوە یا بە یەکەوە گرێدراوە (بۆزان، ١٩٩١b: ٤٠). ئەو بەرەیە چوارچێوەیەکی شیکاریان بۆ ئەو بابەتی بەرهەڕەشانە دەکرد کە دەبێت ئاسایشیان پارێزراو بێت، لە سەر ئاستی تاکەکان، وڵاتەکان، هەرێمەکان، سیستەمی نێونەتەوەیی. هەروەها ئەو بەرەیە کاریان لەسەرململانێی نێوان 'ئاستە جیاوازەکانی شیکردنەوە' دەکرد.

گرووپێکی دیکە لەر شارەزاکان بە هۆی سەرهەڵدانی بەجهانیبوون و کاریگەرییەکانی لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت-نەتەوە، پێیان وابوو دەبێت هۆشگیری ئاسایش لەسەر 'کۆمەڵگای جیهانی' بێت. بەجهانیبوون لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک خەسڵەت و هەڕەشەی نوێی بۆسەرئاسایشی وڵاتان هێنا، وایکرد چیدی کێشەکانی ئاسایش بە تەنها لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت-نەتەوەکان نەمێنێت بە تەنها. لە ڕوانگەی ئەو شارەزایانە، تەنها لە ڕێگەی بەرەوپێشبردنی ئاسایشی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، کێشەکانی ئاسایشی سەردەم چارەسەر دەکرێت، یا بە ڕوانگەیەکی جیهانییەوە دەتوانین ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی سەرئاسایش ببینەوە.

لەو سالانەی دواییدا، ڕێبازێکی نوێی دیکە سەریهەڵدا کە پێیان وابوو دەبێت ناوەڕۆکی بابەتی ئاسایش لەسەرتەواوی نیگەرانییەکانی 'گۆی زەمین' بێت نەوەک لایەنەکانی پێشوو. ئەورێبازە پێیان وابوو دەبێت لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش سەیری تاک، کۆمەڵگا و وڵاتەکان بکات وەک بەشێک لە ئیکۆسیستەم و سروشت و ژینگەی جیهان. لە ژینگەیەکدا مرۆڤەکان توانای ژیانیان نەبێت، لایەنەکانی دیکە هیچ مانەیەکیان نابێت (بەیلیس، ٢٠١١: ٢٥٥، ویلیامس، ٢٠١٣، ٨).

---

## چۆن ئاسایش دەستەبەردەکرێت؟

---

بە سادەیی، تەنها ڕێگایەک نییە بۆ بە بەدەستهێنانی ئاسایش، بەڵکوو دەکرێت بە زیاتر لە ڕێگایەک بەدەستبهێندرێت. ریتشارد ئولمان (١٩٨٣) زۆر بەووردی کاری لەسەر ڕوونکردنەوەی زیاتر لە سیاسەتێک دەکرد بۆ بە دواداچوونی ئامانجەکانی ئاسایش (security objectives). دیاریکردنی ڕێگاکانی پاراستنی ئاسایش دەوەستێتە سەرتێڕوانینی یەکێک بۆچۆنیەتی سروشتی ئاسایش. بۆنموونە، چونکە ستیڤان واڵت (١٩٩١: ٢١٢-٢١٣) پێیوایە سروشتی ئاسایش بریتییە لە 'هەڕەشە، بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی هێزی سەربازی'. لەبەرئەوە بۆ ئەو ئاسایش تەنها لە ڕێگای هێزی سەربازییەوە دەکرێ بپارێزرێت، یا هەڕەشە سەربازییەکان گەورەترن لە هەڕەشەکانی دیکە.

لە رابردوودا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاسایش کراوە، تێڕوانینە جیاوازەکان چۆن بوونە، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ تێگەیشتن لە مومارەسەکانی ئەمرۆ. بەم کارەمان دواتر دەتوانین لە هەل و مەرجەکانی ئێستای ئاسایش تێبگەین و داهاتووش ئەگەرکرا بەشێوەیەکی خوازراو دابڕێژین (ویلیامس، ٢٠١٣: ١٠). بەم شێوەیە، ئاسایش وەک باری بۆزان (١٩٩١b) پێیوایە بۆ قسە کردن لەسەر ئەولەویاتی کارەکانی دەسەڵات و دەبێت وەکو ئامرازێکی سیاسی سەیربکرێت.لێرەدا زۆرگرنگ دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کێ بڕیاردەدات ئاسایشی وڵات واتای چییە، ئاسایش کێ، چۆن دەکرێت ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی ئاسایش ببینەوە، چ جۆرە پرسێک وەک پرسی ئاسایش هەژماربکرێت، چی ڕوودەدات کاتێک بۆچوونی جیاواز لەسەرئاسایش دەبێت، دواجار چۆن دەکرێت ئاسایش بەدی بهێندرێت. دواجارهەموو ئەوانە ڕێگەخۆشکەردەبن بۆئەوەی سەیری دۆخێکی نائاسایشی نەکرێت وەکودۆخێکی نەگۆڕ، بەڵکوو پیادەی ئاسایش دەبێت وەکوپیادەیەکی سیاسییانە کە قابیلی گۆڕانە سەیربکرێت.

بەدەست هێنانی ئاسایش کارێکی بە نرخ و گرانە و دەوەستێتە سەرقوربانیدان بە کۆمەڵێک ئامانجی دیکەی وڵات، کە دەکرا بەدیهێندرابان یا پارێزرابان بەوئامرازو ئیمکانیەت وتوانایەی بۆبە دەستهێنانی ئاسایش تەرخان کرابوون (باڵدوین، ١٩٩٧: ١٦). لێرەدا گوتوبێژی گەورە لە نێوان شارەزاکان دروست

دەبێت سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستهێانی ئاسایشی نیشتیمانی. مێلڤین لیفەر(١٤٥:١٩٩٠) پێیوایە بێ گوێدانە سەرئەوەی چەند گران لەسەردەوڵەتێک دەوەستێت، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان هەردەبێت بپارێزرێن. بە مانایەکی دیکە ئامانجەکانی ئاسایش ئامڕازەکانی ئاسایش دیاری دەکەن. بەڵام کەسێکی وەکو ریتچارد ئوڵمان، لە روانگەی راشنالیستییەوە، پێیوایە نرخ و بەهای تێچوونی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی زۆرگرنگە، لەبەرئەوە نرخی ئەو بە دواداچوونە دەبێ ئەولەویەت وەربگرێت (١٣٢:١٩٨٣)، کاتێک ئامڕازەکانی بەدواداچوونی ئامانجێکی ئاسایش زۆر گران دەبێت، دەبێت هاوسەنگی لە نێوان ئامرازو ئامانجی ئاسایش دروست بکرێت.

بابەتێکی دیکەی گرنگ لە پرسی بەدەستهێنانی ئاسایش پەیوەندیی بە بەرنامەی مەودا درێژ و مەودا کوورت هەیە. لە مەودا کوورتدا، رەنگە هێزی سەربازی تاکە رێگەی کارا و کاریگەر بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات لە دەست هەڕەشە دەرەکییەکان، بەڵام لە مەودا درێژدا باشترین رێگا بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات بوون بە هاوڕێیانە، یا دروستکردنی ژینگەیەکی نادوژمنکاریانەیە (باڵدوین، ١٧:١٩٩٧)، بە تایبەت کاتێک دەوامەدان و بەردەوامی ئەو دژایەتییە زۆر گران لەسەر وڵاتێک دەوەستێت. بۆیە ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتیمانی سەرکەوتوو ئەو ستراتیژیەتەیە کە دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو سیاسەتە جیاوازە رابگرێت و نەهێڵێت بە رووی یەکدی بوەستنەوە.